کارەساتە هاوڕێتا لەقۆناغی بنەڕەتیدا شایستەی ئەرك و پەیامەکەی نەبێت

م.زرارقادرکەریم

هەڵبەتە قۆناغی بنەڕەتی یا (سەرەتایی) قۆناغێکی زۆر ناسك و هەستیارە، چونکە ئاست و مەودای عەقڵ و دەروون و جەستەی منداڵ لەنەشوئما و گۆڕانی بەردەوام دایە. جا ئەگەر بەدروستی فریای ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵ نەکەوین دەقی زۆر ناشایستەو دژوار دەگرێت و منداڵ بەکەسایەتییەکی خوارو خێچ و سەقەتەوە، دڵ و دەروونی گۆش دەبێت و بەرەو ئاسۆیەکی ناهەموار هەنگاو دەنێت. بۆیە پێویستە بەمانای وشە هاوڕێتا پێشەنگی شایستەو بەتوانا بێت کەبەراستی شایەنی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە هەستیارەی تەمەنی منداڵ بێت و کۆدو کلیلی دەرگای جیهانی منداڵانی لەبەردەستدا بێت و لەئاست دڵو دەروون و ئارەزوو سەلیقە و میزاجی منداڵ نامۆ نەبێت و بتوانێت بەدەستێك ئاراستەیەکی راست و دروستی منداڵان بەرەو ئاسۆیەکی پڕ لەهیوا بکات و، بەدەستەکەی دیکەشەوە سەلیقە و ئارەزوو میزاجی منداڵان هەڵسەنگێنێت و بەپێی تەمەنی عەقڵی و (زەمەن) یان ئەرك و فەرمان و یاری جۆراوجۆریان بۆ دەستنیشان بکات و کارێکی وا بکات، کەمنداڵان لەدەروونەوە ماموستاکەیان خۆش بوێت.. هەڵبەت ماموستاش بەوە دەزانێت کەلەلای منداڵان خۆشەویستە، کاتێك کەزەنگی کۆتایی وانەو چوونە دەرەوەی پۆل لێدرا، منداڵان بەتایبەتیش لەپۆلە وردیلەکان بەکۆمەڵ هاوار دەکەن و دەڵێن توخوا ماموستا مەڕۆ..! یا توخوا ماموستا زوو وەرەوە لامان. جائەگەر ماموستا بەم شێوەیە جێگای شیاوی خۆی لەدڵ و دەروونی منداڵان بکاتەوە ئەو کاتە ماموستا دەبێتە پێشەنگێکی ئیجابی. ئیتر منداڵان نەك هەر تەنها هەوڵی لاسایی کردنەوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ماموستا پێشەنگەکەیان دەدەن، بەڵکە لەقوڵایی دەروونەوەش کتێب و دەفتەرو قەڵەم و کاغەز و ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرو تەنانەت هەر بینایەکی زلیش لەدەرەوەی قوتابخانە ببینن خۆشیان دەوێت، چونکە لەبینای قوتابخانەکەیان دەچێت..ئیتر بەم شێوەیە ئەو قۆناغە هەستیارە بەسەلامەتی بەسەر منداڵان تێپەڕدەبێت و بەدروستی بەرەو قۆناغێکی دیکەی تەمەن تەکان دەدەن .. بەڵام خوانە خواستە گەر ماموستا وەك پێویست ئامادە نەکرابێت، شایستەی کارو پەیامەکەی نەبێت. شارەزای جیهانی دڵو دەروون و تەمەن و سەلیقە و ئارەزووی منداڵان نەبێت، ئەوکاتە منداڵان نەك هەر تەنها ماموستاکەیان خۆش ناوێت، بەڵکە لەژیانی خۆی و قەڵەم وکاغەزو دەفتەرو کتێب و جانتا و زەنگی قوتابخانەکەی وەرس و بێزار دەبێت و خۆ نەك هەر ئەوەندەش بەڵکە منداڵ دەبێت بە (کوێرێکی سایکۆلۆژی) لەدەروونەوە رقی لەهەر بینایەکی گەورەش دەبێتەوە کەنەختێ لەبینای قوتابخانەکەی بچێت..! خۆ هەر لەوەش زیاتر منداڵ دەیێتە (کەڕ)ێکی سایکۆلۆژیش بەرانبەر هەر کەسێك لەدەرەوەی قوتابخانە ڕێنمایی یا ئامۆژگارییەکی بکات. چونکە سلبیات و رق و گرێ دەروونییەکانی ناو قوتابخانەی بەبیردێتەوە، هەڵبەتە لەناو قوتابخانەش زۆرجار گوێبیستی ئەو بابەتە ئامۆژگاریانە بووە، لەئاکامدا منداڵ بەسەلیقەو میزاج و کەسایەتییەکی سەقەت و شپرزەوە قوتابخانە جێدەهێڵێت و بەداڕە داڕەو ڕەنگی زەردەوە، بەڕەو ئاسۆیەکی نادیار هەنگاو دەنێت...جا گەر ماموستا بەهیچ بابەتە هێماو نیشانەیەك نەزانێت کەمنداڵان لێی وەرسن و خۆشیان ناوێت، با بەم چرکە سڵە لەخۆی بگات، کاتێ زەنگی کۆتایی وانە لێدەدرێت، منداڵانی تەواوی پۆلی خوێندن لەقوڵایی قوڕگ و دەروونەوە، یەك دەنگ و یەك دەنگ و ڕەنگ هاوار دەکەن و دەڵێن: هۆزوو...!

هەڵبەتە ئەو (هۆزوە) گەورەیە گوزارشت کردنێکە لەوەی کەبڵێن سوپاس بۆتۆ خوایە لەم (نیمچە دۆزەخە) ٤٠خولەکییە بەناو پەروەردەییە رزگارمان بوو، خوا گەورەیە بۆ وانەیەکی دیکەش..!

هەگبەی پەروەردە

م. عومەر حاجی

ماموستا هەر بەبەلاش دەفتەری پێ کڕین و ئیملاشمان پێ ناکات

ئەو رستەیەی سەرەوە کەدەیخوێنینەوە قسەی بەندە نییە بەڵکو قسەی قوتابییەکی تەمەن(٨-٩)سالانەیە کەبەبۆنەی جەژنی قوربان لەگەڵ جێزانەکەیان سەردانیان کردین.

لەقۆناغی دووەمی بنەڕەتی بوو، منداڵێکی وشیاربوو، بەڵام لەرووی نووسین و خوێندەوە هەژار بوو، گوناهەکەشی دەگێڕایەوە بۆ ئەستۆی ماموستاکەیان کەدەفتەری پێ کڕیونەو، کەچی ئیملایان پێ ناکات..

بەڵێ پەروەردەکاران هەموو لایەکتان دەزانن کەبنچینەی زانست و زانین فێربوونی خوێندنەوە و نووسینە، کەچی لەم سەردەمەدا قوتابیان بەرێژەیەکی بەرز لەم لایەنە لاوازن و خوێندنەوە و نووسینیان بەنقەتق و گنە گن و بچڕ پچڕییەوەیە، ڕێنوسیشیان زۆربەی هەڵەیە چ لەزمانی زگماکی یاخود زمانەکانی تری بیانی، بەڵێ ئەز ئەم واقیعەم بەچاوی خۆم بینیوە لەکاتی سەردانەکەم بۆ قوتابخانەکان بگرە قوتابی هەیە لەقۆناغی ئامادەییە ناتوانێ چەند رستەیەك بەتەواوی و بەخێرایی بنوسێ یا بخوێنێتەوە نموونەش لەم بارەیەوە لەبەردەستدا هەن

باشە باڵێرەدا پرسیار لەخۆمانی پەروەردەیی بکەین و بپرسین ئاخۆ هۆکارەکانی چین؟ ئایا هۆکارەکە سیستەمی فێرکردنە لەقۆناغی بنەڕەتی یان کەمتەرخەمی ماموستایە و خۆماندوو نەکردنییەتی لەبەرامبەر فێرنەکردنی ئەم منداڵە چاو گەشانەی کەبەپەرۆشەوە رووبان لەقوتابخانەکان کردووە بۆ ئەوەی فێری زانست و پەروەردەی دروست بین و لەئایندە بتوانن بەتوانایەکی بەرز لەخزمەتی کەل و نیشتمانەکەیاندا بن.

لێرەدا دەڵێم ئەگەر لەم رووەوە هەوڵی جدی نەدرێ و پێداچوونەوە لەسیستەمی فێرکردن نەکرێ و هۆکارەکان دەست نیشان و چارەسەر نەکرێن، ئایندەمان نارێك و بێ ئومێد دەبێ و کۆمەڵگەیەکی کەم مەعریفە و زانست دێتە بەرچاوم، کە ئەوکات چارەسەری و پەشیمانی داد نادەن.

لەکۆتاییدا دەبێژم بۆئەوەی لەم نەهامەتییە و بێ سەروبەرییەی پرۆسەی فێرکردن دەربازمان بێت، واچاکە لەسێ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هیچ منداڵێك دەربار نەکرێ بۆ قوناغەکانی سەرووتر تاکو بەتەواوی فێری نووسین و خوێندنەوە دەبێت، ئینجا بەج میکانیزمێك چارەسەر دەکرێ ئەوا پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردەیی دەتوان پلانی بۆ دابڕێژن.

بەشی دووەم با بۆ منداڵەکانم بێت

م. زریان وەرتی

لەولاتانی دیموکراسی و فرە ئازادیدا لایەنی پەروەردە رۆلێکی بەرچاو دەگێڕی لەپێگەیاندنی کەسی کارامەو لێهاتوو کادیری بەتوانا لەبواری پەروەردە. لەدوای راپەڕینەوەش ئەو دەرفەتە بۆ ئێمە ڕەخساوەو لەولاتێکی نیمچە ئازادیدا کەبەروونتر بروانینە پێشکەوتنەکانی جیهان ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ هێنانەدی کادیرو پسپۆڕی پەروەردەیی ، ئەوەی من لێرەشدا مەبەستمە ئەو گۆڕانە پەروەردەییە کەلەم چەند ساڵانەی رابردوو رووبدا، وەك گۆڕینی سیستەمی پەروەردەیی و دواتریش هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ خەڵکی خۆمان بۆپێکهێنانی کابینەیەکی نوێ ، دوای ئەویش گۆڕینی وەزیری پەروەردە و زۆربەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەئاستی بالا، بەڵام تەنها ئەوەی لەخەیاڵی من بخولێتەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆرانە کەلەوەی من بوومە بە ماموستا خەریکە خانەنشین بم ئەو هەر نەگۆڕا، من گلەییم لەخودی بەڕێوەبەر نییە توانیویەتی تارادەیەك هەندێ لەکێشەی پەروەردە لەسنورەکەی چارە سەر بکات، بەڵام دەبێ ئەوەشی لەبیر بێ تا ئێستا ئەوە چەند ڕۆژێك ماوە بۆ ٢٠١٠هەندێك لەقوتابخانەکانی سنورەکەی هێشتا کاریتەیە، من لەناخەوە سەیرم دێت کاتێك سەرۆك حکومەتێك بەهەڵبژاردن و ڕێککەوتن شوێنێك بۆ کەسێك جێدێڵێ کەببێتە تەواوکەری بۆ خزمەتو ئاوەدانکردنەوەی ولاّت وەزیرێك بۆ وەزیرێك چەندانی تر بەجێدێڵێ، بەڕێوەبەرە گشتییەکان شوێنیان بۆ ئەوانی تر بەجێهێشت بۆ ئەوەی شوێنگەریان بن لەخزمەتکردن، لەکۆتاییدا دەڵێم لەهەموو ولاتێك کادیری بەتوانا و شارەزا و لێهاتوو لەبواری پەروەردەو ئیدارەی هەیە، بەڵام خەڵکیش هەیە لەئاستی وی و بگرە زیرەکتریش ، بەڵام لەولاتی ئێمە ئەم پێوەرە دەور نابینێ، بەڵکو تۆ حزبی بی کەسێکی تر لەتۆ حزبیتر نەبێت ناتوانێ باسی شوێنەکەی تۆش بکات. بۆیە من تەواوکەری بابەتەکەم واتە بەشی دووەم هەر لەسەر بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران بۆ کورەکەم کەتەمەنی ٧ساڵانە بەجێهێشت، چونکە دڵنیام ئەویش ببێتە ماموستا هەر ئەو بەڕێوەبەرە.

هەڵبژاردن مافێکی شارستانی وئەرکێکی پیشەیی و هەڵوێستێکی فیکری وەرەوشتێکی دیموکراسییانەیە

نوسینی: ا..ماموستایەکی سەربەخۆ-کەرکوك

هەڵبژاردن دەرهاویشتەیەکی ڕەوشی ئازادییەو ڕەهەندێکە بۆگەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسی وزامنکردنی مافەمەدەنییەکانی هاوڵاتیان بەپێی بنەماکانی جاری مافەکانی مرۆڤ کەلە ساڵی١٩٤٨لەجنێف پوختەی پێویستی گەلاڵەکراوی دوای ٢جەنگی جیهانیی بریاری لەسەردراوە دیموکراسیش کلتورێکە میتۆووی ژیانی فیکری مرۆڤەکان وبەکانگیری ململانێکان وپێویستی ژیانی ئابووری کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری هتد....چەسپاندوویەتی..ڕەخساندنی هەلومەرجەکانی هەڵبژاردن وچۆنیەتی سازدانی بەشێوەیەکی ساغڵەم وسروشتی یاخود بەپێچەوانەوە ڕەنگدانەوەی گەشەکردن وپاشەکشەی ئاست ومەودای دیموکراسی و نادیموکراسییەتی ئەو دەسەلات وسیستمانە دەستنیشاندەکات کە فەرمانڕەوایەتی ئەو ولاتانە دەکات.

ڕێگەدان بەدروستکردن وپێکهێنانی)دەسەلاتی پێنجەم -گروپ وکۆمەڵگە شارستانی وپیشەییەکان (وگێڕانی هەڵبژاردنی ئازادو سەربەخۆ پڕۆفیشنالانەو بێ هیچ دەستتێوەردانێکی حیزبی وحکومی، ڕەهەندێکی دیکەی ئەو سیستم وکۆمەڵگەدیموکراسیانەیە .من ئەو پێگەو ڕەوشەدیموکراسی وساغڵەمە نابینمەوە..ئەوونەی ئەو بەڵگەی نادیموکراسییبوونەیش)پاسیڤکردن -پەراوێزکردنی ئەوگروپ و سەندیکایانەو قۆرخکردنیانەلەژێر ڕەشمالی حیزبداو بەتاڵکردنەوەی ڕۆڵ و ئەرکیانە لە پێناوبەرژەوەندییەکانیداو پشتگوێخستنی ئامانج وبەرژەوەندییە مەدەنی ودیموکراسییەکانی ئەو ڕێکخراو کۆمەڵانەیە کەلە پێناوی پاراستنی ماف وخزمەتکردنی بەرژەوەندی تویژو چینەکانی خۆیاندا دایانەزراندوون، بە پێچەوانەوە هێشتنەوەی ئەو دامەزراوە مەدەنییانە بە فۆرمێکی بێ کاکڵ وقاوغێکی بێناوکەوە، مۆنۆپۆلکردنی ئەو دەسەلاتەوبێبەهاکردنی ئەودەستکەوتانەی جەماوەری کوردستانەکەتاجی ڕاپەڕینی کردە سەری کاروانی خەبات وشۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی، ئەمەش دەچێتە خانەی چەواشەکردن ونائومێدکردنی ئەنقەستی پلانی بۆداڕێژراوەوە ،لەجیاتی تەواوکردن وپێشڕەوکردنی خەڵکی بۆبەرەو ڕاپەڕینی فەرهەنگی کە لە میتۆووی پێشکەوتن وسەرکەوتنی شارستانێتییە زیندووەکاندا بە شۆڕشی ڕۆشنگەری-ڕێنیسانس دەناسرێتەوە، هەربۆمونە شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەی)مارتسی تۆنگ (لەچین دوای شۆڕشی ئازادکردنی خاکی چین لە دەست داگیرکەران.

)ی.م.ك (لە جیاتی ئەوەی وەکو سەندیکایەکی پیشەیی ومەدەنیانەو سەربەخۆییانەبە پێی بەرنامەکەی خۆی کارو ئەرکەکانی پەیوەست بەناوونەندامەکانی جێبەجێ بکات، بە پێچەوانەوە تاکوئێستا چەندین جار پێشێلی ئامانج و ناوەپەڕوو بەرنامەو یاسای هەڵبژاردن و دەورکی ڕێکخراوەکەوشەرعییەتی مانەوەی خۆیشی بووەتەوە وکەمتەرخەمی کردووەلەبەرانبەرئەرکە میژوویەکانی، وەکودواخستنی یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکەو پەراوێزخستنی لە پاشکۆی حیزبدا..تێپەڕاندنی چەند ساڵێك بەسەر وادەی هەڵبژاردنی (ی.م.ك) پش پێچەوانەو ئاوەژوکردنەوەی پەیڕەوو ئامانج ویاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ودووڕخستنەوەیەتی لەکارابوونی وەکو دەسەلاتی پێنجەم وەدەچێتە خانەی پێچەوانەی خواستی مامۆستایان وراڕای حیزبەوە.ئەمەو جگە لەوەیش(ی.م.ك)ئەوکارانەی کە ئەنجامیانی داون ،وەکو دەرکردنی ناسنامەی مامۆستایان بەبێ ڕەچاوکردنی ئەندامبوونی ئاوەزوومەندانە ،ڕەفتاری کردووە ، تەنانەت وەرگرتنی ئابونەیشی بەتۆزپێ ودوور لەعورفی مەدەنی و پیشەیی بووەو هەروەها لە بەرانبەر پرسێکی گرنگی وەکونەگەڕاندنەوەی مامۆستایانی کەرکوك پاش شەش ساڵ بۆسەرمیلاکی پەروەردەی گشتی کەرکوك هەڵۆێستی(ی.م.ك) تاکوئێستا بەپێی پێویست نییە لەم بارەیەوە..بۆیەهەڵبژاردنێکی پیشەییانەومەدەنییانەی سەربەخۆر پاك وبێگەردانە پێویستییەکی هەنووکەیی وئەرکێکی مێژوویی وەرەوشتێکی دیموکراسییانەیە دوور لە تەوافوقی حیزبی، دەباگۆڕان ئێمەش بگرێتەوەولەوەزیاتر دوانەکەوین دواخستنی زیاتری هەڵبژاردنیش دەچێتە خانەی گوێ نەگرتن لەداواکاری مامۆستایانەوەو مێژوویش ڕەحمان پێناکات.

تێبینی/ڕێزو خۆشەویستیم بۆگیانی پاکی م.عەزیز شوان سەرۆکی پێشوی ی.م.ك لقی هەولێر وبەڕێزم.مەغدیدحاجی سکرتێری(م پ.ك)کەلەماوەی ساڵانی خزمەتی مامۆستاییم لە هەولێر دڵسۆزانە زۆر هاوکارییان کردووم زۆر سوپاسیان دەکەم.

چەند سەرنجێکی دیکە دەربارەی واقیعی پرۆسەی پەروەردە لەکەرکوك

پەیامنێری ماموستا پەروەردە

تائێستا لەشاری کەرکوك وەکو پێویست نەتوانراوە کێشەکانی پەروەردە چارەسەربکرێت لەرووی کەمی بینای قوتابخانەو کەمی ماموستا، چونکە دەسەلاتە کە لەم شارەدا حزب بەڕێوەی دەبات، ئەگەر یەکێتی قوتابخانەیەکی لەپلەتی زیاتر بێت ئەوا دەبێت بەرامبەرەکەی قوتابخانەیەك بکاتەوە وەئەگەر خێمەش بێت یان ئەگەر هاتوو پارتی پاسەوانێکی دامەزراندئەوا یەکێتیش بە هەمان شێوە پاسەوانێك دادەمەزرێنێت، واتە هەموو پۆستەکان و دامەزراندن دابەش کراوە لەنێوان هەردوولا ئەوکەسەی وەلائی بۆ دوو حزبەکە نەبێت ئەوە دژایەتی دەکەن و بێ بەشە لەهەموو شتێك تا ئێستا نەتوانراوە کێشەی قوتابخانەکان چارەسەر بکرێت لەرووی کەمی ماموستا، بەڕێوەبەرێك ئەگەر پلەی حزبی هەبێت ئەوە بەڕێوەبەری پەروەردەش ناتوانێت دەست لەکاری وەربدات، بۆ؟چونکە دەسەلاتی دەسەلاتی حزبە لەپەروەردەدا بۆ نموونە :

خوێندکارانی ئامادەیی ولاّت لەشارۆچکەی دوبز مانیان گرتبوو بەهۆی نەبوونی ماموستای پسپۆر لەوانەکان وەبریاربوو کەمانگرتنەکەیان بەردەوام بێت تاکو چارەسەری کێشەکەیان دەکرێت، بەڵام بەچی چارەسەر بکرێت، ئەگەر ماموستایانی شاری کەرکوك ئامادەنەبن بچن لەدوبز وانە بڵێنەوە هەر ماموستایەك دادەمەزرێت دەبێت نزیك مااڵەکەی بێت فەرمانی دەردەچێت بۆ گەڕەکێك دوور لەماڵەکەی ناڕوات دەیان ڕێگە دەگرێتەبەر بۆئەوەی نەڕوات. هەندێك قوتابخانەی سنووری داقوق لەبەرنەبوونی ماموستا بریاریان دابوو کەبەرامبەر پەروەردەی کەرکوك مانبگرن بۆئەوەی چارەسەری کێشەی ماموستایان بۆ بکەن، بەڵام کۆمیتەو ناوچە ڕێگەیان نەدا کەوا ئەنجامی بدەن، بەڵێنیان پێدان کەوا کێشەکەیان چارەسەربکەن، بەڵام بەڵێنەکەیان تەنها قسەبوو، وەچەند جارێك بەرپرسی ماموستایان (سەباح تاڵەبانی) سەردانیانی کردووە بەڵێنی دا کەوا کێشەکەیان چارەسەر بکات ئەویش تەنها قسە بوو.

هەروەها کێشەی قوتابخانەکانی گونبدی (عەلی سوای و تۆبزاوە) بەهۆی کەمی ماموستا ئەوانیش بەدەست کێشەی کەمی ماموستا دەناڵێنن.

کێشەی قوتابخانەی (زەنقرە) بەهۆی دانانی بەڕێوەبەری دوو حزبەکە ڕازی نین کەسێکی بێ لایەن بێتە بەڕێوەبەر ماوەیەکی زۆر بێ بەڕێوەبەر مایەوە،

کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاری لەزۆربەی قوتابخانەکان کاری کردووەتە سەر خوێندنی قوتابیان کەبەدانە پاکی دەکەنەوە هەروەها هەندێك قوتابخانە WCکانیان دەڵێیت گوماوە ئاوی لێ کۆدەبێتەوە ، ئەمەش جۆرەها نەخۆشی لێ پەیدا دەبێت وەك قوتابخانەی سەربەستی کە سەر ئاوەکانیان قوتابی نەیدەتوانی بگاتە سەر ئاوەکان، ماموستای قوتابخانەکە ئاوەڕۆکانیان پاك کردۆتەوە ، هەروەها دوو کرێکاریان هێناوە بەبڕی دە هەزار دینار بۆ دەردانی پیسابیەکەی.

قوتابخانەی (العقاد) ی کچان سەر بەپەروەردەی کەرکوکە خوێندنی عەرەبی تا ئێستا دەناڵێنن بەدەستی بێ ئاوی دەبێت منداڵ و ماموستا لەگەڵ خۆیان ئاو لەماڵەوە بێنن بۆ خواردن و سەرئاو.

دەربارەی ناوی ئەو ماموستایانەی بۆسەر ژمێریاری ناویان دەرچووبوو هەموویان سەر بەدووحزبە دەسەلاتدارەکەن (شێرزاد و سەباح) لەپەکێتی ماموستایانی هەردووکیانئەو ماموستایانەیان هەڵبژارد کەسەر بەدوو حزبە دەسەلاتدارەکەن، ماموستای بێ لایەن ناوی نییە قوتابخانەی واهەیە ٩ماموستای دەرچووە قوتابخانەش هەیە ناوی یەك بەش ماموستای نەهاتۆتەوە.

هەندێك ماموستا بەڕێوەبەر (لەکلیە مفتوحە) دەوام دەکەن هەفتانە دوو ڕۆژ لەدەوام لێدەدەن کەئێواران بن بۆئەوەی بچنە کلیە لەسەر حسابی ماموستای تر.

ناوی باخچەکانی ساوایانی پەروەردەو خوێندنی کوردی لە کەرکوك

ژمارە	ناوی باخچە	ژ-م	پێگەی باخچە
١-	ئاشتی	٢٤٩	ڕەحیماوا
٢-	هەڵاڵە	٢٢١	ڕەحیماوا
٣-	گوڵاڵە	١٨٦	ڕەحیماوا
٤-	پەپولە	٣١٥	ئازادی
٥-	بەهار	٣٠٠	شۆرجە
٦-	لانە	٠٦٩	دومیز
٧-	نێرگز	١٣٠	فەیلەق
٨-	ناسکە	٠٨٤	فەیلەق
٩-	دێکۆك	٠٥٥	داقوق
١٠-	ڕاز	٠٩٥	نەورۆز
١١-	شوان	٠٣٠	ڕێدار/ناحیەی شوان
١٢-	ناز	١٠١	ناحیەی پردێ
١٣-	پەری	٠٩٣	عەسکەری
١٤-	شادی	٢٣٠	شۆرێجە
١٥-	دووبز	٠٨٠	ناحیەی دووبز
١٦-	پردێ	٠٧٣	ناحیەی پردێ
١٧-	کوردستان	١٥١	ڕزگاری
١٨-	هێرۆ	٠٦٥	هاوپشتی
١٩-	بەهەشتی کەرکوك	٠٩٠	قادسیەی١
٢٠-	ئەستێرە	١٠٥	قادسیەی٢
٢١-	شەوبۆ	٠٦٧	ناحیەی لەیلان
٢٢-	وەنەوشە	١٨٦	ڕەحیماوا
٢٣-	چۆپی	؟	؟
٢٤-	ڕۆژ	؟	بارودخانە

پێویستییەکانی ماموستایانی پسپۆڕی خوێندنی کوردی لەکەرکوك

زنجیرە	وانەی پسپۆڕی	ژمارەی پێویستی
١-	کوردی	٠٨٦
٢-	زانستەکان	١٠٠
٣-	هونەر	٧٥٪